

# خواست و بژاردەی دەنگدەران

## بەشداری هەڵبژاردن






پێشبینیی کۆی گشتی دەنگدەران 3,641,000




ڕێژەی دەنگە خۆڵەمێنشییەکان لە نێو ئەوانەی کە دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن.

## ئەوانەی دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن








## دابەشبوونی دەنگەکان

ڕێژەی 32.9٪ی دەنگەکان یان خۆڵەمێنشین یان ئەوانەن کە گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. ئەمەش دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە ئەگەری دەرکەوتنی ئەنجامێکی چاوەڕوانەکراو، یان لانیکەم گۆڕانی دابەشبوونی دەنگەکان شتێکی کراوە بێت.

# خواست و بژاردەی دەنگدەران

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بڕاوەی یەکەم، پێکەوە ئەوانەن کە بەشداری ناکەن، دەنگدەری خۆڵەمێشین و بە بەتاڵی دەنگدەدەن.%39.7ی هاووڵاتیان بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن، %29.2ی ئەوانەی کە گوتوویانە بەشداری دەکەن دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن و %3.7یش گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. مەزەندە دەکرێت ژمارەی ئەمانەش هەموو پێکەوە، دەوری 2167252 کەس بن. ئەمەش وادەکات کە ئەگەری ئەنجامی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا شتێکی دوورنەبێت.
بە گوێرەی وەڵامی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، لەنێو %60.3ی دەنگدەران دا کە بەنیازن





## دابەشبوونی دەنگەکان


ڕێژەی 32.9٪ی دەنگەکان یان خۆڵەمێشین یان ئەوانەن کە گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. ئەمەش دەتوانیت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە ئەگەری دەرکەوتنی ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو، یان لانیکەم گۆڕانی دابەشبوونی دەنگەکان شتێکی کراوە بێت.

بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەن، پارتی دیموکراتی کوردستان %46.1ی دەنگەکان دەبات و لە پلەی یەکەم دا دەبێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە پارتی بەگوێرەی هەڵبژاردنی ساڵی 2021، ڕێژەی دەنگەکانی زیاتر دەکات. دەکرێت بەشێکی ئەم زیادکردنە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی گەنجەوە ڕوونبکرێتەوە کە بەشی هەرە زۆریان لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکن. لەڕووی ڕەگەزییەوە دەنگدەرانی ئەم پارتە لێك نزیکن، بەڵام سەرنجڕاکیشە کە دەنگدەرانی گەنج زیاتر دەنگ دەدەنە پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەنێو گرووپەکانی تەمەن دا، هەرچی تەمەن زیاتر دەبێت، ڕێژەی دەنگدەری پارتی کەم دەبێتەوە. %51ی ئەوانەی بۆ یەکەم جارە دەنگ دەدەن دەنگ دەدەنە پارتی. لەوانەیە هۆکارێکی ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زۆرترین ڕێژەی گەنج لە هەرێمی کوردستان لەو

ناوچانەبن کە پارتی تێیاندا دەسەڵاتدارە. بەرزترین ڕێژەی دەنگدەرانی پارتی لەنێو خەڵکی گوندنشیندایە کە بە ڕێژەی 59.2% هاتووە و هەرچی بەرەو ناوەندی شارە گەورەکان دێین، ڕێژەی دەنگدەری پارتی کەم دەبێتەوە. زۆرترین دەنگەکانی پارتی لە زاخۆ، سۆران، دهۆك و هەولێرە و کەمترین دەنگەکانیشی بەپێی ڕیزبەندی، لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجەیە.
دەنگەکانی پارتی زیاتر لەو شوێنانە بەرزە کە ڕێژەی بەشداریکردن تێیدا زۆر دەبێت.
هەروەها لەو شوێنانەش زۆرە کە ڕێژەی دەنگە خۆڵەمێشییەکان کەمترن.
ڕێژەی 29.2%ی بەشداربووان حەزیان نەکردووە دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەگەر




ژمارەی دەنگدەران لە ساڵی 2024، 3641000 کەس بێت، لەو ژمارەیە 641092 کەسیان دەنگدەری خۆڵەمێشین. هەروەها 3.7%ی دەنگە بەتاڵەکانیش هەیە کە سەرووی 80 هەزار دەنگ دەکات، بۆیە کاتێک ئەو دەنگانە کۆبکرێنەوە کاریگەرییان زۆر دەبێت. بە ئەگەری زۆر ئەنجامی سرووشتی ئەو دەنگە ناڕوونانەش یان دابەشبوونە بەسەر حیزب ولایەنەکانی دیکە یاخود ئەوەیە کە بۆ حیزب و لایەنێکی نوێ بڕوات.






ڕێژەی دەنگە خۆڵەمێشییەکان لە نێو ئەوانەی کە دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن.

بەرزترین ڕێژەی ئەم دەنگدەرانە بەپێی ڕیزبەندی لە سلێمانی 55.1%، هەڵەبجە 53.1%، ڕاپەڕین 49.1%، هەروەها هەولێر 26.4% بووە. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە ئەگەر دەنگی یەکەم لە شوێنەکانی وەك دهۆك، زاخۆ و سۆران یەکلا بێت، ئەوا دەنگی یەکەم لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجە بەدەستی دەنگدەرانی خۆڵەمێشی یەکلا دەبێتەوە. هەر ئەو دەنگدەرانەش دەتوانن لە هەولێر تەگەرە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش دروست بکەن ئەگەر نەتوانێت لانیکەم بەشێکیان ڕازی بکات.


بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان 11.3%ی دەنگەکان دەبات. ژنان زیاتر لە پیاوان دەنگ دەدەنە یەکێتی. هەروەها دەنگدەری ئەو حیزبە لەنێو گەنجان دا کەمترە لەوانەی کە لە گرووپی تەمەنیی بەرزتردان و، زۆرترین ڕێژەش لەنێو ئەوانەدایە کە سەرووی 60 ساڵ تەمەنیان هەیە. 9.3%ی ئەوانەی کە یەکەم جارە دەنگ دەدەن، خۆیان بۆ یەکێتی یەکلا کردووەتەوە. لەڕووی پیشەوە بەرزترین ڕێژەی دەنگدەری ئەم حیزبە بە 13.6%وە لەنێو ئەوانەدایە کە بە ناچالاکی ئابووری هەژمار دەکرێن. پێدەچێت ژینگەی شار و لادێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی دەنگدەرانی ئەم حیزبە نەبێت، چونکە ڕێژەکانیان لێك نزیکن. دەنگەکانی یەکێتی زیاتر لە ڕاپەڕین، گەرمیان، سلێمانی و هەڵەبجەیە کە کەمترین ڕێژەی بەشداری و زۆرترین ژمارەی دەنگی خۆڵەمێشییان تێدایە.

# ئەوانەی دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن








ژمارەی دەنگی لایەنە سەرەکییەکان-2021




هۆکارێکی سەرەکیی کەمکردنی دەنگی لایەنەکانی دیکە بێجگە لە پارتی، کەمیی ڕێژەی بەشداری خەڵک و زۆریی ڕێژەی دەنگی خۆڵەمێشییە لەو شوێنانەی کە ئەوان تێدا بەهێزبوون.


### ژمارەی دەنگی لایەنە سەرەکییەکان لە هەڵبژاردن





نەوەی نوێ بە 5.5%ی دەنگەکانەوە بە پلەی سێیەم دێت. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەڕووی ڕەگەز، تەمەن و پیشەوە جیاوازییەکی زۆر نییە لەنێو دەنگدەرانی ئەم لایەنە. 9.5%ی دەنگی ئەوانە دەبات کە بۆ یەکەم جار دەنگ دەدەن.


لە ڕاپرسییەکی پێشتری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداودا سەبارەت بە گەنجان، نەوەی نوێ لە هەندێك شوێنی وەك هەڵەبجە زۆرترین دەنگی گەنجان دەبات، بەڵام کاتێك دێتە سەر هەڵبژاردنی گشتی، لە پلەی سێیەم یان دووەمە.


## چۆنییەتی دابەشبوونی دەنگی سێ حیزبی یەکەم لەم راپرسییەدا




+ ڕێژەی 29.2٪ی بەشداربووان دەنگی خۆیان ئاشکرا نەکردووە. 3.7٪یش گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن کە 81234دەنگ دەکات. 4.2٪ی بەشداربووانیش بەسەر حیزبەکانی دیکەدا دابەشبوون و ئەویش 92211دەنگ دەکات












هۆکارێکی سەرەکیی کەمکردنی دەنگی لایەنەکانی دیکە بێجگە لە پارتی، کەمیی ڕێژەی بەشداری خەڵک و زۆریی ڕێژەی دەنگی خۆڵەمێشییە لەو شوێنانەی کە ئەوان تێدا بەهێزبوون.

بـەرزی ڕێـژەی دەنگـدەری خۆڵەمێشـی کـە 29.2%ی ئەوانـەن کـە بەشـداری لـە هەڵبـژاردن دەکـەن لەگـەڵ ڕێـژەی ئەوانـەی کـە بـە بەتاڵـی دەنـگ دەدەن، وادەکـەن کـە چانسـی حیزبێکـی نـوێ بـۆ دەرکەوتـن بەرزبێـت یـان ئەگـەر ئەنجامێکـی چاوەڕواننەکراویـش ڕوونـەدات، ئـەوا دەنگـەکان بەسـەر لایەنەکانـی دەرەوەی پارتـی و یەکێتـی دابـەش ببنـەوە.

بەشـی زۆری ئـەو دەنگدەرانـەی کـە بـە خۆڵەمیشـی هەژمـار دەکرێـن لـە دەنگدەرانـی گـۆڕان، نـەوەی نـوێ، یەکگرتـووی ئیسـلامی و کۆمەڵـی دادگـەری کوردسـتانن کـە دەنگەکانیـان کەمـی کـردووە، چونکـە ڕێـژەی دەنگـی خۆڵەمیشـی لەنێـو دەنگـدەری نـوێ دا کەمـە. لێـرەدا بەهـۆی چارەنووسسـازبوونی ئـەم ڕێژەیـەی دەنگدەرانـەوە، چەنـد سـیناریۆیەکمان بـۆ دابەشـبوونەوەی دەنگـە خۆڵەمێشـییەکان پێشـبینی کـردووە کـە لـە گرافیکـی خـوارەوەدا پیشـاندراوە.





پارتی
خۆڵەمێشی
یەکێتی
نەوەی نوێ
بەتاڵ
لایەنەکانی دیکە
هەولێر
سلێمانی
دهۆک
هەڵەبجە
0
25
50
75
دابەشبوونی
دەنگەکان بە پێی ٤
بازنەی هەڵبژاردن